# ((مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەر)) لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا

### توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە لەژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ



**پ. ی. د. رزگار محەمەد قادر،**
کۆلێجی یاسا و رامیاری
زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، کۆمەڵێک مافیان بۆ تۆمەتبار بڕیارداوە. بەو واتایەی هەر کەسێک بە تۆمەتی ئەنجامدانی تاوانێک تۆمەتبار دەکرێت، کۆمەڵێک مافی هەیە و پێویستە هەر لەو ساتەی فەرمانی دەستگیرکردنی بۆ دەردەچێت و دەگیرێت تا قۆناغی دادگاییکردن و دەرکردنی بڕیاری دادگا بەسەری، ڕێز لەو مافانەی بگیرێن و پێشێل نەکرێن.

ئەو مافانەش کە بۆ کەسی تۆمەتبار بڕیاریان لەسەر دراوە، بەخۆڕایی و بێ مەبەست بڕیاریان لەسەر نەدراوە. ئەوانە لەڕاستیدا بریتین لە کۆمەڵێک گەرەنتی یاسایی کە دەبنە مایەی ئەوەی هیچ کەسێک لە پرۆسەی دادگاییکردندا ستەمی لێ نەکرێت، هیچ کەسێک ئەگەر بەڕاستی تاوانێکی ئەنجام نەدابێ سزا نەدرێ، لەهەمان کاتیشدا، ئەنجامدەری ڕاستەقینە بە سزای خۆی بگات کە یاسا بۆ تاوانەکەی دیاریکردووە.

لەبەر گرنگی ئەو مافانە لەلایەک و لەبەر ئەوەی وڵاتانی دنیا بەشی هەرە زۆریان ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری مافەکانی مرۆڤیان ئیمزا کردووە، کە ئەوە مانای وایە لە ڕووی یاساییەوە ناچارن کار بەو دەقە نێودەوڵەتییانە بکەن و لێی لانەدەن، دەبینین زۆر لەو وڵاتانە ئەو مافانەی لەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەدا هاتوون، بۆ دوو توێی دەستووری وڵات دەگوازنەوە. هەرچەندە بۆ هەر وڵاتێک دەکرێ ئەو دەقانە لە یاسای ئاساییشدا تێکست لەسەر بکەن، بەڵام تێکستکردن لەسەر ئەو مافانە لەناو دەستووری وڵاتدا، گرنگییەکی تایبەتی بەو مافانە دەدات بەو پێیەی، کەوا دەستوور باڵاترین یاسایە لە وڵاتدا و دوای ئەو تێکستکردنە لەناو دەستووردا، یاسادانەر ناتوانێ بە هۆی یاسای پەرلەمانەوە دەستکاری ئەو مافانە بە کەمکردنەوە یان سنوور بۆ دانان بکات[1].

ئەم توێژینەوەی بەردەست، بریتیە لە هەوڵێک بۆ بنکۆڵیکردنی تەنها یەکێک لەو مافانە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانە، کە ئەویش بریتییە لە مافی ئامادەکردن لەبەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری کە گرنگترینی ئەو مافانەیە کە بۆ تۆمەتبار بڕیاریان لەسەر دراوە، بۆ زانینی ئەوەی ئایا لە میانەی ئەو

پرۆژەیەدا ئەو مافە چۆن تێکستی لەسەر کراوە و ئایا ئەو دەقانەی تایبەت بەو بابەتە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتوون، تا چەند لەگەڵ ستاندارده نێودەوڵەتییەکاندا دەگونجێن.

**بۆ ئەو مەبەستەش پلانی توێژینەوەکەمان بریتی دەبێت لە دابەشکردنی بابەتەکە بۆ پێنج خاڵی سەرەکی بەم شێوەیەی خوارەوە:**

1- واتا و سوودەکانی مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەر
2- ئەو لایەنەی تۆمەتباری دەبردرێتە بەردەم
3- مەرجێکی بنەڕەتی: خێرایی ئەنجامدان
4- هەڵوێستی پرۆژەی دەستووری هەرێم
5- کۆتایی

**1- واتا و سوودەکانی مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەر:**

مەبەست لە مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەر ئەوەیە، هەر کەسێک دەستگیر دەکرێت پێویستە بە زووترین کات ببرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری تاکو ئەو دەسەڵاتە دادوەرییە گوێی لێ رابگرێت و سەیری باری بکات، تا بزانێ ئایا پاساوێکی یاسایی هەیە بۆ دەستگیرکردنی و فەرمانکردن بە ئازادکردنی، ئەگەر هات و هیچ پاساوێکی یاسایی نەبوو.

مافی تۆمەتباری دەستگیرکراو لە ئامادەکردنی لەبەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی بدات، سەرەکیترین و گرنگترین مافەکانی تۆمەتبارە و زۆربەی هەرە زۆری رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری مافەکانی ئادەمیزاد بە دەقی تایبەتی تێکستیان لەسەر کردووە، لەسەرووی هەمووشیانەوە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە شارستانی و رامیارییەکانە (1966) کە دەڵێ: "کەسی دەستبەسەرکراو یان گیراو بە تۆمەتێکی جینائی پێویستە بە خێرایی ببرێتە بەردەم دادوەرێک یان فەرمانبەرێک کە بەپێی یاسا سەرپشک کراوە بە ئەنجامدانی ئەرکی دادوەری..."[2] هەروەها لە زۆربەی رێککەوتننامە هەرێمییەکانی مافی مرۆڤیشدا هەمان شت تێکستی لەسەر کراوە[3].

ئەو مافە کۆمەڵێک سوودی زۆر گرنگی لێدەکەوێتەوە، کە لەڕاستیدا هەر ئەوانن بوونەتە هۆی ئەوەی بڕیاری لەسەر بدرێت، وا لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەندێک لەو سوودانە:

**یەکەم:** دەبێتە بەربەستێک لەبەردەم درێژبوونەوەی ماوەی دەستبەسەرکردنی تۆمەتبار بەبێ پاساو، چونکە ئامادەکردنی تۆمەتبار لەبەردەم دادوەر یان بەرپرسی دادوەریدا دەرفەتێکی زۆر باش دەڕەخسێنێ بۆ چاوخشاندنەوە بە بابەتی دەستبەسەریەکەی و لەژێر رۆشنایی بنکۆڵیکردن و وردبوونەوە لە حاڵەتەکەی و ئەو بەڵگانەی لەبەردەستن دەزاندرێ، ئایا بە رەوا دەستبەسەر کراوە یان نا؟ ئایا پێویست بەوە دەکات هەر بە دەستبەسەری بمێنێتەوە تا رۆژی دادگاییکردنەکەی، یان دەکرێ ئازاد بکرێ؟ لەم رووەوە دادگای ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤ لە یەکێک لە بڕیارەکانیدا گوزارشتی کردووە کەوا: "هەروەک لە زۆر بۆنەی تریش دادگایەکە ئاماژەی پێداوە، بڕگەی سێیەم لە ماددەی پێنجەم لە رێککەوتننامەی ئەورووپی گەرەنتی دەداتە ئەو کەسانەی بەتۆمەتی ئەنجامدانی تاوان دەستبەسەر دەکرێن لە دژی هەر جۆرە دەستگیرکردن و گرتنێکی ستەمکارانە یان بێ بیانوو."[4]

بەکورتی: بەبێ هەبوونی ئەو گەرەنتییە، ئەو کەسانەی بەتۆمەتی جیاجیاوە دەستگیر دەکرێن، رەنگە لەبیر بکرێن و بۆ ماوەی زۆر دوورودرێژ بەبێ هیچ پاساوێکی یاسایی لە بەندیخانەکاندا بمێننەوە.

**دووەم:** ئەو مافە، هەروەک لیژنەی تایبەتی بە مافەکانی مرۆڤ گوزارشتی لێکردووە، هەموو جۆرە بەندکردنێک دەخاتە ژێر چاودێری دادوەرییەوە جا بۆ هەر کەسێک بێت کە بە ئەنجامدانی هەر جۆرە تاوانێکی سزایی تۆمەتبارکراوە[5]، ئەو چاودێرییە دادوەرییەی کەوا دادگای ئەوروپیی مافەکانی مرۆڤ بە پێویستییەک لە پێویستییەکانی پاراستنی تاکی داناوە، لە دەستێوەردانی دەوڵەت بە ناڕەوا لە مافی ئازادی و پرەنسیپی سەروەریی یاسا، کە پرەنسیپێکی سەرەکییە لە پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی و سەرتاپای رێککەوتننامەی ئەوروپیی مافەکانی مرۆڤ لەوەوە سەرچاوە دەگرێت[6].

**سێیەم:** ئامادەکردنی کەسی دەستبەسەر لەبەردەم دادوەر یان بەرپرسی دادوەری هەلی تانەگرتن لە نایاسایی دەستبەسەرگرتنەکە بۆ کەسەکە دەڕەخسێنێ[7] بەوەش دەتوانێ ئازادکردنی خۆی مسۆگەر بکات، کاتێک سەیری تانەکەی دەکرێت و دەردەکەوێت بەڵێ راستە هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی لەباری دەستبەسەرگیراویدا بمێنێتەوە. هەمان شت ئەگەر بەڵگەی ئەنجامدانی تاوانەکەشی لە ئارادابوون، هەر دەتوانی بە کەفالەت داوای ئازادکرنی بکات.

**چوارەم:** ئەو ئامادەکردنە لەبەردەم دادوەر، گەرەنتیەکی زۆر گرنگە بۆ پاراستنی کەسی گیراو لەهەموو جۆرە مامەڵەیەکی خراپ لەگەڵی، هەر لە بەکارهێنانی توندوتیژی و هەڕەشەوە بگرە تا دەگاتە ئەشکەنجەدان، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان دادوەر و بەرپرسی دادوەری پێویستە لەسەریان قسەی لەگەڵدا بکەن و گوێ لە هەموو گوتە و داوایەکی بگرن.

**2- ئەو لایەنەی تۆمەتباری دەبردرێتە بەردەم:**

بەپێی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەو لایەنەی پێویستە تۆمەتباری ببرێتە بەردەم، دەبێ لایەنێکی دادوەری بێت بەو واتایەی پێویستە دادوەر بێت یان فەرمانبەرێک بێت، بەو مەرجەی کەوا بەپێی یاساکانی وڵات، دەسەڵاتی هەڵسانی بەکاروباری دادوەری هەبێت. بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا، پێویستە چەند مەرجێکی تریش هەبێت لەو لایەنە، کە وا لەخوارەوە تیشکیان دەخەینە سەر:

**2-1: دەسەڵات:**

ئەو لایەنەی گومانباری دەبردرێتە بەردەم، دەبێ دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ فەرمانی ئازادکردنی تۆمەتبارەکە دەربکات، ئەگەر هات و بۆی دەرکەوت بێ تاوانە و بە ناڕەوا دەستگیر کراوە. دادگای ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤ لەیەکێک لە بڕیارەکانیدا، وڵاتی ئەندامی رێککەوتننامەکەی بە پێشێلکاری بڕگەی (3) لە ماددەی (5) دایە قەڵەم، لەبەر ئەوەی ئەو دادوەرەی تۆمەتبارییان بردبووە بەردەم، دەسەڵاتی ئازادکردنی تۆمەتبارەکەی نەبوو[8].

بەبێ ئەو مەرجە، مافی ئامادەکردنی بەندکراو لەبەردەم دادوەردا هیچ واتایەکی نامێنێ. ئەو مافە لەڕاستیدا بۆ ئەوە بڕیاردراوە تاکو ئەگەر زاندرا گرتن و بەندکردنی کەسێک ناڕەوایە، ئەوا بە

زووتــرین کــات ئــازاد بکرێــت و رێــگە لەبەردەم بەنـدکردنی نـاڕەوا بگیرێـت. جـا ئەگەر بێـت و ئەو لایەنەی کەســـە بەنـــدکراوەکەی دەبەنە پـــێش، ئەو دەســـەڵاتەی نەبـــێ ئـــازادی بکـــات، ئەگەر بـــۆی دەرکەوت بەنـدکردنەکەی بـێ بنەمـایەکی یاسـاییە، ئەوا مانای وایە پرۆسەکە هیچ سوودی نەبوو.

**2-2: سەربەخۆیی:**

ئەو لایەنەی تۆمەتبـــاری دەبـــردرێتە بەردەم، پێویستە تەواو تەواو سـەربەخۆ بێت، تـاکو بتـوانێ بەوپەڕی ئـــازادییەوە ســـەرنجی بـــارەکە بـــدات و بڕیاری گونجاوی بۆ دەربکات. لەم پێناوەدا پێویستە لە لایەنەکـانی داوای سـزایی سـەربەخۆ بێت و هـیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەبێت. هەروەهـا پێویستیشە لە دەسـەڵاتی تەنفیـزیش، سـەربەخۆ بێـت و لەژێـر رکێفیدا نەبێت[9].

**3-2: سەیرکردن و بڕیاردان:**

هەر ئەوەندە بەس نییە گومانبـار ببـرێتە بەردەم لایەنێکـــی دادوەری، بەڵکـــو پێویـــستە ئەو لایەنە سـەیری بـابەتەکە بکـات و بنکـۆڵی بکـات و بڕیـاری پێویستی لەسـەر وەربگرێت. لەم پێناوەدا لەسـەری پێویـــستە راســـتەوخۆ قـــسە لەگەڵ کەســـی دەسـتگیرکراودا بکـات و گـوێی لـێ رابگرێـت، دوای ئەوە لەژێـر رۆشـنایی دەقە یاسـاییەکان بگـاتە رای پێویـــست و لەدواجاریـــشدا بڕیـــاری گونجـــاو و پێویـستی لەمەڕ دەربکـات. لەیەکێـک لە بڕیارەکـانی دادگـای ئەورووپیـی مافەکـانی مرۆڤدا هـاتووە کەوا: "بڕگەی سێیەم لە ماددەی پێنجەمی (رێککەوتننامەی ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤ) ئەرکێکی شێوەییانە و ئەرکێکی بابەتیانە پێویست دەکات. ئەرکە شێوەییەکە فەرمانبەر دەخاتە ژێر باری ئەوەی کە بەخۆی گوێ لەو کەسە رابگرێ کە دەهێندرێتە بەردەمی... ئەرکە بـابەتییەکەش ئەوەی دەخـاتە سـەر ئەسـتۆ کە بەو بارودۆخانەدا بچێتەوە کە گەمارۆی دەستگیرکردنی کەسـەکەیان داوە، ئینجـا لەژێـر رۆشـنایی پێـوەرە یاســاییەکاندا بڕیاربــدات، ئایــا هۆکارێــک هەیە کە بیــانوویەکی راســتەقینە بێــت بــۆ ئەوەی کەســەکە بگیرێت و فەرمـانی ئازادکردنی بدات، ئەگەر هـات و هیچ بیانوویەک نەبوو."[10]

**3- مەرجێکی بنەڕەتی: خێرایی ئەنجامدان**

بەپێی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان، هەر ئەوەندە بەس نیـیە گومـانلێکراو ببـرێتە بەردەم لایەنێکـی دادوەری، بەڵکو لەپاڵ ئەوەشدا ئەو بردنە دەبێ بە خێرایی ئەنجام بدرێت.

**1-3: سوودەکانی ئەو مەرجە**

بێگومانیـــشە کەوا ئەو رێـــسایە بەبـــێ هـــۆ دانەنـدراوە. ئەو رێـسایە لەڕاسـتیدا پێویـستییەکی حەتمیـیە بـۆ ئەو مەبەسـتەی هەر لە بنەڕەتـدا ئەو مـــافەی لەپێنـــاودا بە گومانبـــار دراوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەبەستە، دەبینین خۆی لەخۆیدا بـــڕیتیە لە رێگەگـــرتن لە دەستبەســـەرداگرتن و بەنـدکردنی کەسـێک بە نـاڕەوا. چـونکە زەوتکردنـی ئـازادیی ئینـسان یەکـێکە لە قەدەغەکراوەکـان، بەڵام لەبەر ئەوەی لێکـــۆڵینەوە لەگەڵ تاوانبـــاران و دادگاییکردنیـــان و دواجـــار گەیانـــدنیان بە ســـزای یاسایی زۆر جار بەڕێوە ناچێت، مەگەر بەوە نەبێت کەوا کەســی گومانبــار بگیرێــت، لەســنوورێکی دیـــاریکراودا، رێـــگە دراوە لە میـــانەی پرۆســـە و رێوشــوێنی دادگاییکردنــدا، گومانبــار دەستبەســەر بکرێـت. بەڵام ئەو دەستبەســەرکردنە رێـسا نیـیە،

لەبەر ئەوە دەبێت لە تەسکترین سنووردا بێت و تەنها لەو بارانەشدا بێت کە یاسا داینــاوە. لەبەر هەمــوو ئەوانە و لە پێناو ئەوەی ئەو ڕێگە پێدانەی یاسا بە ناڕەوا بەکار نەهێندرێت، پێویستە بە زووترین کات کەسی گیراو ببرێتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند، چونکە دواکەوتن لەو ئەرکە مانای پتر مانەوەی کەسەکەیە لەباری دەست بەسەر کراوییەوە.

**3-2: ئەو ماوەیەی مەرجەکەی تێدا دێتە دی**

بەڵام دەبێ ئاماژە بەوە بکەین، کەوا ستانداردە نێودەوڵەتییەکان ماوەیەکی کاتی دیاریکراویان دانەناوە بۆ ئەم مەبەستە، هەر بۆیە لێژنە و ئۆرگانەکانی تایبەت بەچاودێریکردنی جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری مافەکانی مرۆڤ و لەمیانەی سەیرکردنیان بۆ حاڵەتە جۆراو جۆرەکان، گەیشتوونەتە چەندین بۆچوون لەو بارەوە.

لێژنەی تایبەت بە چاودێریکردنی جێبەجێکردنی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە شارستانی و رامیارییەکان لەمبارەوە، لە یەکێک لە بڕیارەکانیدا پێی وابوو، کەوا بردنی تۆمەتبار دوای دە مانگ لە دەستبەسەرکردنی بۆ بەردەم دادوەرێکی سەربازی، بەبێ ئەوەی دەرفەتی ئەوەی پێدرابێ چ پێش دەستبەسەرکردنی چ دوای ئەوە لەگەڵ پارێزەر راوێژ بکات، هەروەها مانەوەی بە پچڕاوی لەگەڵ جیهانی دەرەکی بەتەواوی، بریتیە لە پێشێلکارییەکی روون و ئاشکرای بڕگەی سێیەم لە ماددەی نۆیەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە شارستانی و رامیارییەکان[11].

هەمان لێژنە لە بڕیارێکی تریدا بۆچوونی وابوو کەوا "ماوەی کاتی نێوان ساتی دەستگیرکردنی تۆمەتبار و ئەو ساتەی تیایدا دەبرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری، پێویستە لە چەند رۆژێکی کەمدا تێپەڕ نەکات. لە سایەی نەبوونی هیچ پاساوێک بۆ دواکەوتنێک کەوا چوار رۆژی خایاند، پێش ئەوەی تۆمەتبار ببردرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری، لێژنە بۆچوونی وایە کەوا ئەو دواکەوتنە بریتییە لە پێشێلکاری بڕگەی سێیەم لە ماددەی نۆیەمی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە شارستانی و رامیارییەکان."[12]

دادگای ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤیش لەمبارەوە بۆچوونی وابووە کەوا، مانەوەی تۆمەتبار بۆ ماوەی چواردە رۆژ بەبێ ئەوەی ببرێتە بەردەم دادوەر یان فەرمانبەرێکی دادوەری، مەرجی (خێراییکردن) ناهێنێتە دی کە لە بڕگەی سێی ماددەی پێنجی ڕێککەوتننامەی ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە[13]. تەنانەت لە بڕیارێکی تریدا، ئەو دادگایە بۆچوونی وابوو کەوا نەبردنی تۆمەتبار بۆ بەردەم دادوەر یان فەرمانبەرێکی دادوەری، تەنها دوای چوار رۆژ و شەش سەعات لەدوای دەستگیرکردنی، پێشێلکردنی بڕگەی سێی ماددەی پێنجی ڕێککەوتننامەی ئەورووپیی مافەکانی مرۆڤ بووە[14].

**4- هەڵوێستی پڕۆژەی دەستووری هەرێم**

ماددەی (22) لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تەرخانکراوە بۆ مافی دادگاییکردنی دادپەروەرانە و هەر ئەو ناوەش کراوەتە ناونیشانی ماددەکە. ئەو ماددەیە لە دوازدە بڕگە پێکهاتووە، کە بڕگەی یەکەمی بۆ مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەر تەرخانکراوە. ئەو بڕگەیە دەڵێ "لایەنی لێکۆڵینەوە دەبێ، لەماوەی (24) کاتژمێردا لەکاتی گیرانی تۆمەتبارەوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە بداتە دادوەری تایبەتمەند و نابێ ئەو ماوەیە درێژ بکرێتەوە، مەگەر بۆ جارێک و ئەویش هەر بۆ هەمان ماوە بێت".

ئەوەی پێویستە بەر لەچوونە نێو بنکۆڵی و شیکردنەوەی ئەو دەقە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، کە ئەو دەقەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەدەستووری ساڵی 2005ی کۆماری عێراق وەرگیراوە کە دەڵێ: "لێکۆڵینەوەی سەرەتایی دەخرێتە بەردەم دادوەری پەیوەندیدار لە ماوەیەکدا کە لە بیست و چوار کاتژمێر تێپەڕ نەکات لەدوای دەستگیر کردنی تاوانبار و نابێت درێژ بکرێتەوە تەنها بۆ یەک جار نەبێت و بۆ هەمان ماوە."[15]

کەواتە هەڵوێستی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەمەڕ ئەو مافەی کە بابەتی توێژینەوەکەمانە خۆی لە دەقی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (22)دا دەنوێنێ. بە خوێندنەوەیەکی وردی ئەو دەقەش و بە بەراورد لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بۆمان دەردەکەوێت، کەوا ئەو هەڵوێستە کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنی و کۆمەڵێکیش لایەنی نەرێنی تێدایە. وا لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر هەردوو لایەنەوە.

**4-1: لایەنە ئەرێنییەکان**

دەقی ئاماژەپێدراو لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەچەند خاڵێکدا زۆر بە تەواوی لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان یەک دەکاتەوە کە ئەوانە هەمووی بە خاڵی ئەرێنی هەژمار دەکرێن. وا لە خوارەوە تیشک دەخەینە سەر ئەو خاڵانە:

**یەکەم:** هەر خودی دانانی بەو مافە و تێکستکردنی لەناو دەستووردا خاڵێکی هەرە ئەرێنییە و گوزارشت لە پابەندبوون بە رێسایەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەکات. زۆر لە دەقەکانی یاسای نێودەوڵەتی نووسراو کە بریتییە لە دەقی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی دنیا لەوانەی کەوا ئەو رێککەوتننامانەیان ئیمزا کردووە، ناچار دەکات بە دەقی یاسایی لە یاسای ناوخۆی وڵات، تێکست لەسەر شتی دیاریکراو بکەن[16].

بەڵام لەهیچ لەو چەشنە بارانەدا رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان ناڵێن ئەو تێکستکردنە لە یاسای ناوخۆیی وڵات، پێویستە لەناو دەستووری وڵاتەکەدا بێت، لەبەر ئەوە ئەگەر لەناو یاسای ئاساییش گوزارشت لەو داواکارییانەی رێککەوتننامەکان بکرێت هەر ئاساییە. بەڵام کاتێک ئەو داواکارییانە لەناو دەستووری وڵاتدا گوزارشتیان لێدەکرێت، بێگومان ئەوە مانای ئەوە دەدات، کە ئەو وڵات یان ئەو هەرێمە سوورە لەسەر دانانی بەو ئەرکە نێودەوڵەتییە و جێبەجێکردنی، بەو پێیەی کەوا دەستوور باڵاترین یاسایە لە وڵاتدا و هیچ یاسایەکی تر ناتوانێت پێچەوانەی دەقەکانی دەستوور بێت.

**دووەم:** دەقی ئاماژەپێدراو لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان بەڕوون و ئاشکرا ئەو لایەنەی دەستنیشانکردووە کە دەبێ تۆمەتباری ببرێتە بەردەم دادوەر، کە ئەوە خاڵێکی تری ئەرێنییە لە هەڵوێستی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا. لەپاڵ ئەوەشدا و هەروەک لە دەقەکەدا بەدیاردەکەوێت، ئەو دادوەرە پێویستە دادوەری تایبەتمەند بەو ئەرکە بێت.

بێگومان، هەروەک لەمەوبەر بینیمان، ستانداردە نێودەوڵەتییەکان وا پێویست دەکەن ئەو لایەنەی تۆمەتباری دەبردرێتە بەردەم، یان دادوەرێک بێت یان فەرمانبەرێک کە بەپێی یاسایەکانی وڵات، دەسەڵاتی ئەنجامدانی وەزیفەی دادوەری هەبێت، بەڵام ئەوەی کە بەڕوونی لەو ستانداردە نێودەوڵەتییانە دەخوێندرێتەوە ئەوەیە، کەوا ئەو لایەنە ئەگەر دادوەر بێت باشترە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەزۆر وڵاتانی دنیادا ژمارەی

دادوەران وەکو پێویست نییە، ڕێگەیانداوە ئەو لایەنە فەرمانبەرێکیش بێت، بەڵام بەو مەرجەی بەپێی یاسای وڵات دەسەڵاتی ئەنجامدانی وەزیفەی دادوەری هەبێت. لەبەر ئەو هۆیە، دەکرێ بڵێین هەڵوێستی پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تەواو تەواو لەگەڵ گیان و ویستی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان یەک دەکاتەوە.

**سێیەم:** دەقەکەی پڕۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان بە ڕوونی و ئاشکرایی ئەو ماوەیەی داناوە کە لەمیانەیدا پێویستە تۆمەتباری دەستگیرکراو ببرێتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند، کە بریتییە لە ماوی (24) کاتژمێر لەدوای دەستگیرکردنی تۆمەتبار کە دەکرێ لەباری پێویستیدا بۆ هەمان ماوە، واتە (24) کاتژمێری تر، درێژبکرێتەوە. واتە لەهەموو بارودۆخ و حاڵەتێکدا تۆمەتباری دەستگیرکراو پێویستە لەماوەی (48) کاتژمێر ببرێتە بەردەم دادوەر.

ئەگەر بگەڕێینەوە لای دەقە نێودەوڵەتییەکان، دەبینین کە ئەوان ماوەیەکی دیاریکراویان دانەناوە، بەڵکو تەنها تێکستیان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەو پرۆسەیەی بردنی تۆمەتباری دەستگیرکراو بۆ بەردەم دادوەر پێویستە بەخێرایی ئەنجام بدرێت، واتە دەستوبردی لێبکرێت. بەو پێیە دانانی ئەو ماوەیە بە (24) کاتژمێر لەلایەن پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانەوە بەخاڵێکی ئەرێنی دادەندرێت، چونکە ئەو ماوەیە واتای خێرایی پێ دێتە دی.

**4-2: لایەنە نەرێنییەکان:**

لەپاڵ هەموو ئەو خاڵە ئەرێنیانەی لەسەرەوە تیشکمان خستنە سەر، دەقی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (22) لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان چەند خاڵێکی لاوازی تێدایە کە وا لەخوارەوە تیشک دەخەینە سەر یەکە بەیەکەیان:

**یەکەم:** ئەگەر بەوردی دەقی ئاماژەپێدراو سەرنج بدەین، دەبینین ئەو دەقە هیچ ئاماژەیەک بە بردنی تۆمەتبار بۆ بەردەم دادوەر نادات، بەڵکو لەباتی ئەوە دەڵێ پەڕاوی لێکۆڵینەوە پێویستە بدرێتە دادوەری تایبەتمەند: "لایەنی لێکۆڵینەوە دەبێ، لەماوەی (24) کاتژمێردا لەکاتی گیرانی تۆمەتبارەوە، پەڕاوی لێکۆڵینەوەکە بداتە دادوەری تایبەتمەندو...".

هەڵبەت ئەوە لاوازترین خاڵی هەم دەقەکە و هەم هەڵوێستی پڕۆژەی دەستووری هەرێمیشە کە هەمان شت لەسەر هەڵوێستی دەستووری عێراقیش هەر ڕاستە، چونکە هەروەک لەمەوبەر ئاماژەمان پێدا، دەقەکەی پڕۆژەی دەستووری هەرێم ڕێک لە دەقی بڕگەی سێزدەهەمی ماددەی (19) لە دەستووری عێراق وەرگیراوە.

بۆیەش دەڵێین ئەوەیان لاوازترین خاڵە لە بابەتەکە، چونکە لەڕاستیدا بردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ بەردەم دادوەری تایبەتمەند هەرگیزا و هەرگیز یەکسان نییە بە بردنی تۆمەتباری دەستگیرکراو بۆ بەردەمی. جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو دوو حاڵەتە، کە هیچ کامێکیان جێگەی ئەویتر ناگرێتەوە. بەو مانایەی کەوا ئەو دەقە و جێبەجێکردنی بەهیچ شێوەیەک ناچێتە قاڵبی پابەندبوون بە ستانداردە نێودەوڵەتییەکانەوە، کە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی دەڵێن، پێویستە تۆمەتبار ببردرێتە بەردەم دادوەر.

بردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ بەردەم دادوەر بەبێ بردنی تۆمەتباری دەستگیرکراو، دەبێتە مایەی نەهاتنەدی زۆر سوود و قازانج: پێش هەموو شتێک

دادوەر ناتوانێ قسە لەگەڵ تۆمەتبارەکە بکات و گوێی لێبگرێ، کە ئەوە هەروەک لەمەوبەر بینیمان مەرجێکی بنەڕەتیی مافی ئامادەکردنە لەبەردەم دادوەردا.

لەلایەکی ترەوە، دادوەر کە خۆی چاوی بە تۆمەتبار دەکەوێت و گوێی لێ رادەگرێت و بە دیتنی شێوە و روخساری زۆر شتی بۆ روون دەبێتە، بۆ نموونە وەک ئەشکەنجەدان و مامەڵەی خراپ کە رەنگە شوێنەواریان لەسەر دەموچاو و جەستەی کەسەکە بەجێهێشتبێ، یان لەڕێگەی قسەکانی کەسەکە و گێڕانەوەی بەسەرهات و سەرگوزەشتەی خۆی بۆ دادوەرەکە. هەمان شت تۆمەتباری دەستگیرکراو کۆمەڵێک مافی تری هەیە، وەک مافی داواکردنی ئازادکردن بە کەفالەت و مافی تانەگرتن لە بڕیاری دەستگیرکردن و دەست بەسەرکردن، کە هەڵبەت بۆی ناکرێ ئەو مافانە بەشێوەیەکی تەواو دەستەبەر بکات و بەکاریان بهێنێ، ئەگەر بێت و نەبردرێتە بەردەمی دادوەر.

رەنگە لێرەدا بگوترێ ئەو دەقە ئەگەرچی بەم شێوەیە داڕشتراوە، بەڵام مەبەست پێی هەر هەمان ئەو ئامادەکردنەیە بۆ بەردەم دادوەر کە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان تێکستیان لەسەر کردووە. بەڵام ئەو بۆچوونە بە ئاسانی و بەچەند خاڵێک رەت دەکرێتەوە: یەکەمیان ئەوەیە کە دەقەکانی دەستووری وڵات دەبێ تا ئەوپەڕی دوور بن لە لێڵی و نابێ بەشێوەیەک دابڕێژرێن، کە دوو واتای جیاواز هەڵبگرن و لەدواجاردا ببێتە مایەی جیاوازیی بۆچوون و تێگەییشتن لە واتایەکانی. دووەمیشیان ئەگەر سەیری دەقەکە بکەین، زۆر بەڕوون و ئاشکرا دەڵێ پەڕاوی لێکۆڵینەوە، واتە ئەوراقی تەحقیقی دەبردرێتە بەردەم دادوەر بەشێوەیەک هەر کەسێک ئەو دەقە بخوێنێتەوە هەر بەو شێوەیە لێی تێدەگا، کە ئەرک وایە پەڕاو ببردرێتە بەردەم دادوەر نەک تۆمەتبار. تەنانەت خاوەنی ئەم توێژینەوە لەسەر زاری چەند پسپۆڕێکی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە وەک راوێژکاری یاسایی لەگەڵ رێکخراوی نێودەوڵەتی تایبەت بە یاسای نێودەوڵەتیی مرۆیی کاردەکەن بیستوویەتی، کە گوتوویانە ئەو دەقە باس لە بردنی تۆمەتبار بۆ بەردەم دادوەر ناکات بەو چەشنەی کە ستانداردە نێودەوڵەتییەکان داوایانکردووە.

**دووەم:** رستەیەکی زۆر پێویست و گرنگ هەیە، پێویست وابوو لە دەقی ناوبراو لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمدا هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە دەبوایە دوای ئەوەی دەڵێ ببردرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە بڵێ بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی بدات. چونکە لەڕاستیدا مەبەست لەو پڕۆسەیە خۆی لەخۆیدا ئەوەیە کە دادوەر بڕیاری چارەنووسی کەسی دەستبەسەر دەربکات، ئینجا یان بە هێشتنەوەی بە دەستبەسەری یانیش بە ئازادکردنی. تەنانەت رستەیەکی تریش هەبوو ئەگەر بێت و لەناو تێکستی پرۆژەکەدا هەبێت، زۆر باشترە و سوودی زیاتری دەبێت بەوەی کە ئاماژە بەوە بدرێت، دادوەر دەبێ گۆێ لە کەسی گیراو یان دەستبەسەر بگرێت کە هەروەک بینیمان لێژنە و دادگایە نێودەوڵەتییەکان چەندین جار داکۆکیان لەوە کردووە، کە هەر ئەوەندە بەس نییە کەسەکە ببردرێتە بەردەم دادوەر یان فەرمانبەرێک، کە بەپێی یاساکانی وڵات رێگەی پێدراوە فرمانی دادوەری جێبەجێ بکات، بەڵکو مەرجیشە کە ئەو دادوەرە یاخود فەرمانبەرە دادوەریە قسە لەگەڵ کەسە بکات و لە بابەتەکە بپێچێتەوە، ئەگینا ئەو مافە هیچ واتایەکی نابێت

و هەرگیز ئەو ئەنجامانە ناپێکی کە لەپێناویاندا بڕیاری لەسەر دراوە. بەبۆچوونی ئێمە، ئەو جۆرە دەقە پێویست بوو لەناو پرۆژەکەدا هەبێت، بۆ ئەوەی ببێتە ئاگادارییەکی بەهێز بۆ دادوەر کە ئەرکی سەرشانیەتی راستەوخۆ قسە لەگەڵ کەسەکە بکات.

**سێیەم:** برگەیەک لەناو دەقی تایبەت بەو مافە لەناو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە هەمان برگە لەناو دەقی تایبەت بەهەمان ماف لە دەستووری عێراقیدا نەهاتووە. ئەو برگەیەش برگەی سەرەتای دەقەکەیە کە دەڵێ: "لایەنی لێکۆڵینەوە دەبێ، لەماوەی (24) کاتژمێردا لەکاتی گیرانی تۆمەتبارەوە..."، واتە برگەی "لایەنی لێکۆڵینەوە" کە بە بۆچوونی ئێمە برگەیەکە پێویستی نەدەکرد لە دەقەکەدا هەبێت. واتە وا باشتر بوو دەقەکە بەرەها هاتبووایە ئەمەش تاکو هەموو بارەکانی دەستگیرکردن بگرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەموو دەستگیرکردنێک لەلایەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بێت.

**چوارەم:** مافێکی تر هەیە کە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان تێکستیان لەسەر کردووە، زۆر گرنگ بوو لەناو پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستانیش لەپاڵ مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەردا تێکستی لەسەر بکرابووایە، کە ئەویش مافی تانەگرتنە لە بڕیاری دەستبەسەرگرتن"17". هەڵبەت ئەو مافە مافێکی سەربەخۆی ترە لەمافەکانی تۆمەتبار، بەڵام لەبەر ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوان ئەو مافە و مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەردا هەیە، شایستەی ئەوبوو لەناو دەستووردا هەبێت. کەچی بەداخەوە ئەو مافە نە لەپاڵ مافی ئامادەکردن لەبەرامبەر دادوەر و نە لە دەقێکی تری سەربەخۆدا نەهاتووە، کە ئەوە هەمان شت لە دەستوری عێراقیشدا هەر وایە.

## 5- کۆتایی

لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەماندا بۆمان دەرکەوت کەوا مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەر، یەکێکە لە سەرەکیترین و گرنگترین ئەو مافانەی بۆ تۆمەتبار بڕیاریان لەسەر دراوە و بەپێی ئەو مافە، هەر کەسێک دەستگیر دەکرێت پێویست وایە بە زووترین کات ببردرێتە بەردەم دەسەڵاتێکی دادوەری تاکو ئەو دەسەڵاتە دادوەرییە گوێی لێ رابگرێت و سەیری باری بکات، تا بزانێ ئایا پاساوێکی یاسایی هەیە بۆ دەستگیرکردنی و فەرماندەرکردن بە ئازادکردنی ئەگەر هات و هیچ پاساوێکی یاسای نەبوو. ئەو مافە لە زۆربەی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە بواری مافەکانی ئادەمیزاد بە دەقی تایبەتی تێکستی لەسەر کراوە، لەسەرووی هەمووشیانەوە پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە شارستانی و رامیارییەکان، ئەوەش بێگومان بەبێ هۆ نییە، بەڵکو لەبەر چەندین سوود و قازانجە کە لێی دەکەوێتەوە.

ئەو لایەنەی گومانباری دەبردرێتە بەردەم، دەبێ دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ فەرمانی ئازادکردنی گومانبارەکەی هەبێت، ئەگەر هات و بۆی دەرکەوت بێ تاوانە و بە نارەوا دەستگیر کراوە. هەروەها پێویستە تەواو تەواو سەربەخۆ بێت تاکو بتوانێ بەوپەڕی ئازادییەوە سەرنجی بارەکە بدات و بڕیاری گونجاوی بۆ دەربکات. لەم پێناوەدا پێویستە لە لایەنەکانی داوای سزایی سەربەخۆ بێت و هیچ پەیوەندییەکی پێیانەوە نەبێت. هەروەها پێویستیشە

دەسەڵاتی تەنفیزیش سەربەخۆ بێت و لەژێر رکێفیدا نەبێت. هەمدیس پێویستە ئەو لایەنە سەیری بابەتەکە بکات و بنکۆڵی بکات و بڕیاری پێویستی لەسەر وەربگرێت. لەم پێناوەدا لەسەری پێویستە، راستەوخۆ بە قسەکردن قسە لەگەڵ کەسی دەستگیرکراو بکات و گوێی لێ رابگرێت، ئینجا دوای ئەوە لەژێر رۆشنایی دەقە یاساییەکاندا بگاتە رای پێویست و لەدواجاریشدا بڕیاری گونجاو و پێویستی لەمەڕ دەربکات. لەلایەکی ترەوە بەپێی ستاندارده نێودەوڵەتییەکان، پرۆسەی بردنی تۆمەتبار بۆ بەردەم لایەنی ئاماژەپێدراو دەبێ بە خێرایی ئەنجام بدرێت و دەستوبردی لێبکرێت.

ئەو مافە لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان تێکستی لەسەر کراوە و ئەو دەقەی بۆی داڕێژراوە، لەدەستووری ئێستای عێراق وەرگیراوە. بە خوێندنەوەیەکی وردی دەقەکەش و بە بەراورد لەگەڵ ستانداردە نێودەوڵەتییەکان دەردەکەوێت، کەوا کۆمەڵێک لایەنی ئەرێنی و کۆمەڵێکیش لایەنی نەرێنی تێدایە.

هەر خودی دانانی بەو مافە و تێکستکردنی لەناو دەستوور خاڵێکی هەرە ئەرێنییە و گوزارشت لە پابەندبوون بە رێساکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ دەکات. ئینجا دەقی ئاماژەپێدراو لە پڕۆژەکە بەڕوونی و ئاشکرا ئەو لایەنەی دەستنیشانکردووە، کە دەبێ تۆمەتباری ببردرێتە بەردەم. لەدواجاریشدا دەقەکە بە روونی و ئاشکرا ئەو ماوەیەی داناوە کە لەمیانەیدا، پێویستە تۆمەتباری دەستگیرکراو ببردرێتە بەردەم دادوەری تایبەتمەند کە ماوەیەکی زۆر گونجاوە.

بەڵام دەقی گۆرین خاڵی لاوازیشی تێدایە: ئەو دەقە هیچ ئاماژەیەک بە بردنی تۆمەتبار بۆ بەردەم دادوەر نادات، بەڵکو لەباتی ئەوە دەڵێ، پەڕاوی لێکۆڵینەوە پێویستە بدرێتە دادوەری تایبەتمەند کە ئەوە لاوازترین خاڵی دەقەکەیە، چونکە لەڕاستیدا بردنی پەڕاوی لێکۆڵینەوە بۆ بەردەم دادوەری تایبەتمەند یەکسان نییە بە بردنی تۆمەتباری دەستگیرکراو بۆ بەردەمی. بەو مانایەی کەوا ئەو دەقە و جێبەجێکردنی بەهیچ شێوەیەک ناچێتە قاڵبی پابەندبوون بە ستاندارده نێودەوڵەتییەکانەوە، کە زۆر بە روون و ئاشکرا دەڵێن، پێویستە تۆمەتبار ببردرێتە بەردەم دادوەر.

هەروەها رستەیەکی زۆر پێویست و گرنگ لە دەقی ناوبراو لە پڕۆژەی دەستووری هەرێمدا هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەبووایە دوای ئەوەی دەڵێ ببردرێتە بەردەم دادوەری لێکۆڵینەوە، بڵێ بۆ ئەوەی بڕیاری چارەنووسی بدات. هەروەها پێویست نەبوو برگەی سەرەتای دەقەکە، واتە برگەی "لایەنی لێکۆڵینەوە" لە دەقەکەدا هەبێت، ئەمەش تاکو هەموو بارەکانی دەستگیرکردن بگرێتەوە، چونکە مەرج نییە هەموو دەستگیرکردنێک لەلایەن دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بێت. لەدواجاریشدا دەبووایە مافی تانەگرتن لە بڕیاری دەسبەسەرگرتن کە مافێکی سەربەخۆی ترە لەمافەکانی تۆمەتبار لەپڕۆژەکەدا هەبووایە، لەبەر ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەنێوان ئەو مافە و مافی ئامادەکردن لەبەردەم دادوەردا هەیە.

## پەراوێزەکان:

(1) یاساناسانی بواری یاسای دەستووری کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەو بنەمایە پێویستە کاری پێبکرێ تەنانەت هەتا ئەگەر هات و لەناو دەستووریش دەقی ئەوتۆ نەبوو بڵێ یاسای پێچەوانە لەگەڵ دەستوور پووچەڵە. بڕوانە: د. أبراهيم عبدالعزيز شيحا: القانون الدستوري، الدار الجامعية، بيروت، 1983، ل 186.

(2) بڕگەی (3) لە مادەەی (9) لە پەیماننامەکە.

(3) بۆ نموونە وەك رێککەوتننامەی ئەورووپی مافەکانی مرۆڤ (بڕگەی 3 لە ماددەی 5) و پەیماننامەی عەرەبی مافەکانی مرۆڤ (بڕگەی 5 لە مادەەی 15).

(4) Aquilina V. Malta**,** 25642/94 (1999), para 47 ("As the Court has pointed out on many occasions, Article 5 § 3 of the Convention provides persons arrested or detained on suspicion of having committed a criminal offence with a guarantee against any arbitrary or unjustified deprivation of liberty").

(5) Mr. Saimijon and Mrs. Malokhat Bazarov v. Uzbekistan, Communication No. 959/2000, U.N. Doc. CCPR/C/87/D/959/2000 (2006), para 8.2 ("The Committee recalls (5) that article 9, paragraph 3, is intended to bring the detention of a person charged with a criminal offence under judicial control").

(6) Brogan And Others v. The United Kingdom, 11209/84; 11234/84; 11266/84; 11386/85 (1988), para 58 ("Judicial control of interferences by the executive with the individual's right to liberty is an essential feature of the guarantee embodied in Article 5 para. 3 which is intended to minimise the risk of arbitrariness. Judicial control is implied by the rule of law, "one of the fundamental principles of a democratic society ..., which is expressly referred to in the Preamble to the Convention"… and "from which the whole Convention draws its inspiration").

(7) منظمة العفو الدولية: دليل المحاكمات العادلة، 5-1.

(8) Aquilina V. Malta**,** para 54 ("the Court considers that the applicant's appearance before the magistrate on 22 July 1992 was not capable of ensuring compliance with Article 5 § 3 of the Convention since the magistrate had no power to order his release. It follows that there has been a breach of that provision").

(9) *See* Niedbala v. Poland, 27915/95 (2000), para 48.

(10) *Id* ("In addition, under Article 5 para. 3 (art. 5-3), there is both a procedural and a substantive requirement. The procedural requirement places the "officer" under the obligation of hearing himself the individual brought before him… the substantive requirement imposes on him the obligations of reviewing the circumstances militating for or against detention, of deciding, by reference to legal criteria, whether there are reasons to justify detention and of ordering release if there are no such reasons").

(11) Alberto Grille Motta v. Uruguay, Communication No. 11/1977, U.N. Doc. CCPR/C/OP/1 at 54 (1984), para 13 and para 16 ("About one month later, he was brought before a military judge without having any opportunity to consult a lawyer beforehand and after having been held completely incommunicado with the outside world… The Human Rights Committee … disclose violations of the Covenant, in particular of… Article 9 (3), because Mr. Grille Motta was not brought promptly before a judge or other officer authorized by law to exercise judicial power").

(12) Michael Freemantle v. Jamaica, Communication No. 625/1995,
U.N. Doc. CCPR/C/68/D/625/1995 (2000), para 7.4 ("the delay between the arrest of an accused and the time before he is brought before a judicial authority should not exceed a few days. In the absence of a justification for a delay of four days before bringing the author to a judicial authority the Committee finds that this delay constitutes a violation of article 9, paragraph 3, of the Covenant").

(13) Aksoy v. Turkey (1996), para 66 ("It clearly follows that the period of fourteen or more days during which Mr Aksoy was detained without being brought before a judge or other judicial officer did not satisfy the requirement of "promptness").

(14) Brogan and others V. The United Kingdom, 11209/84; 11234/84; 11266/84; 11386/85, (1988).

(15) بڕگەی سێزدەهەمی ماددی (19) لە دەستووری عێراق.

(16) بۆ نموونە بڕوانە ماددەی چوارم لە رێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی هەموو کەسێك لە بنبزرکردنی بەرۆز (2006) کە لەسەر وڵاتانی ئەندام لە رێککەوتننامەکە پێویست دەکات لەیاسای وڵاتدا بنبزرکدنی بەزۆر وەك تاوانێك بدەنە قەڵەم.

(17) بۆ نموونە بڕوانە بڕگەی (4) لە ماددەی (9) پەیماننامەی نێودەولچەتی مافە شارستانی و رامیاریەکان“ بڕگەی (4) لەماددەی (5)ی رێککەوتننامەی ئەورووپی مافەکانی مرۆڤ.

# "The Right to be Brought before a Judge" in the Draft Constitution of Kurdistan Region – a Comparative Study in the Light of International Law of Human Rights

**Dr. Rizgar M. Kadir**
**Assistant Professor**
**College of Law & Politics**
**Salahaddin University**

## Summary

The right to be brought promptly before a judge or other officer authorized by law to exercise judicial power is one of the major rights of anyone arrested or detained on a criminal charge. It is provided for by most universal and regional human rights conventions. States parties to these conventions are obliged to grant this right to all those might be arrested or detained due to criminal charges. This obligation is designed to provide persons arrested or detained on suspicion of having committed a criminal offence with a guarantee against any arbitrary or unjustified deprivation of liberty. In order this guarantee achieves its objects, the international standards has laid down several requirements attached to the procedure. Among these requirements the judicial officer before whom the arrested person appears shall review the circumstances militating for or against detention, shall decide by reference to legal criteria whether there are reasons to justify detention, and shall have the authority to order release if there are no such reasons. The judicial applications of the provisions of international law of human rights have also produced many precise details related to this right.

This Article has been devoted to deal with the mentioned right in the draft constitution of Iraqi Kurdistan Region approved by the Parliament of Kurdistan Region on June 24th 2009. The paragraph one of the article 22 of the draft was devoted to this right. Since we have analyzed and discussed the provision of this paragraph in details, we have found many positive and negative points in it in the light of the rules of international law on human rights. All these points have been demonstrated in details throughout the pages of this article.